# سیستەمی قبووڵ مەرکەزی، خوێندنی زۆرەملێ، بێ بایەخ کردنی زانست

ئا: سەمەد ئەحمەد



تەنها من نیم و منیش ئەمە یەکەم جارم نییە کە لە سەر خراپی سیستەمی قبووڵ مەرکەزی لە وەرگرتنی خوێندکاران بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان دەنووسم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم سیستەمە هەتا ئێستا لە وڵاتی ئێمە ولە زۆرێك لە وڵاتانی دواکەوتوودا تاکە میکانیزمە کە کاری لە سەر دەکرێت و هیچ میکانیزمێکی تر لە تەواو کردنی خوێندکاراندا لە بەرچاو ناگیرێت، بۆیە ئێمەش زیاترو زیاتری لە سەر دەنووسین، ئێمە بۆیە قبووڵ مەرکەزی بە سیستەمێکی نەشیاو دەزانین چونکە:-

**یەکەم:** لە تەواو کردنی خوێندندا بە هیچ شێوەیەك ئارەزوو و توانا و بەهرەی خوێندکاران لە بەرچاو ناگیرێت.

**دووەم:** دەبێتە مایەی ئەوەی کە لە ئایندەدا پسپۆڕی ناکارا و نا شارەزا لە کۆمەڵدا بەرهەم بێت، وەکو ئێستا کە هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو کەسە بە زۆر و بە ناچاری ئەو بوارەی پێ تەواو کراوە.

**سێیەم:** لە سایەی سیستەمی قبووڵ مەرکەزیدا، پێوەر بۆ زیرەکی و تەمبەڵی خوێندکار تەنها نمرەیە، واتا بە پێی ئەم سیستەمە ئەو خوێندکارەی نمرەی زۆری لە وانەکاندا بە دەست هێنا بوو ئەوا زیرەکە و ئەوەشی نمرەی کەمی هێنا بێتەوە ئەوا تەمبەڵە! هەر بۆیە ئەوەی یەکەم شایەنی ئەوەیە کە لە کۆلێژە بەرزەکاندا وەربگیرێت و خوێندن تەواو بکات، ئەوەی دووەمیشیان بۆ کۆلێژە نزمەکان! لە کاتێکدا عەقڵ و مەنتیق و واقیع پێمان دەڵێت" بە دەست هێنانی نمرەی بەرز بە هیچ شێوەیەك هەمیشە نیشانەی زیرەکی نییە و بە دەست نەهێنانیشی هەمیشە مانای تەمبەڵی نییە، نەك هەر ئەمە بەڵکو بە پێی بۆچوونی زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری پەروەردەی ئازاد و دیموکراسی، دابەش کردن و پۆلێن کردنی خوێندکاران بۆ دوو ئاستی تەمبەڵ و زیرەك هەڵەیەکی پەروەردەیی و فیکرییە و دژ بە خۆ ناسین و مافی تاك و پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی خوێندکارانە، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ خوێندکارێك ئەگەر لە رووی عەقڵییەوە تەواو بێت بێ توانا نییە، بەڵکو هەر کەسە و لە بوارێکدا خاوەنی بەهرە و توانایە، کاری پەروەردەش ئاراستەکردنی خوێندکارە بۆ ئەو بوارەی کە ئارەزوو وتوانای تێدا هەیە، نەك مراندنی بەهرەکان باشترین بەڵگەش بۆ راستی ئەم قسانەی ئێمە، ژیانی زۆرێك لە زانایان و بیرمەندان و فەیلەسوفانە کە لە خوێندنی قوتابخانەدا سەرکەوتوو نەبوون، کەچی لەو بوارانەی کە جێگەی بایەخی خۆیان بووە و ئارەزوویان لێ بووە، بوونە داهێنەر و سەرەنجام (ئەو زانا تەمبەڵانە) سەرجەم مرۆڤایەتییان قەرزار بار کردووە، بە پێی سیستەمی قبووڵ مەرکەزی ئەگەر (ئەنشتاین) ئێستا لە کوردستاندا پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوایە، نەك لە کۆلێژی زانست، بەشی فیزیا، یان بیرکاری، بەڵکو لە هیچ کۆلێژێکی تر وەرنەدەگیرا ! چونکە (ئەنشتاین) یەکێك بوو لەو خوێندکارانەی کە هەرگیز نمرەی بەرزی بە دەست نەهێناوە، بە مانا تەقلیدییەکەی تەمبەڵ بووە! بۆیە کێ دەڵێ" ناوەندی وەرگرتنی خوێندکاران بە پێی سیستەمی قبووڵ مەرکەزی بۆ ئەمساڵی خوێندنی (2007-2008) ناوی لە کارگێڕی دوکان بەشی گەشت و گوزار، یان پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ بەشی پەرستاری یان هەر پەیمانگا و بەشێکی تر کە خوێندکاری خاوەن نمرە کەمی وەك ئەنشتاین وەرگرتووە و دەرنەدەچوواند.

**چوارەم:** بە پێی سیستەمی قبووڵ مەرکەزی، جیاوازی هەیە لە نێوان زانستێك و زانستێکی تردا، بوارێکی مەعریفی و بوارێکی تردا، هەر بۆیەش دەبێت فەزڵی هەندێ زانست زیاتر بێت لە هەندێکی تر، ئەم تێڕوانینە بۆ کایەی زانست هەڵەیەکی پەروەردەیی و فیکری و مەنهەجی قووڵە کە لە ناو سیستەمی پەروەردە و خوێندنی ئێمەدا زۆر بە چڕی و لە هەموو ئاستەکاندا کاری لە سەر دەکرێت..

پێگەی زانست بە هەموو بەشەکانییەوە هێندە بەرزو بڵندە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کە بەشی زانستێك بێ بایەخ بکات و لە نرخ و بەهای کەم بکاتەوە و بەشی زانستێکی تریش لە سەر ئەرکی یەکێکی تر، لە کایەی خۆی زیاتر بباتە حەوا، چونکە زانستەکان لە ناوەرۆکدا هەموویان پێویستن و لە یەك دەچن، چەندە جیاواز بن هەر لە رواڵەتدا جیاوازن لەگەڵ یەکدا.

ئەگەر ئەمە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك و لە هەموو کاتێکدا راست نەبێت، ئەوا بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی تەواو راستە،چونکە کوردەواری لە ئەمڕۆدا لە حاڵێکی هێند پەشێو و کەم و کورتی دایە لەیەك کاتدا پێویستی بە هەموو زانستێك هەیە بەبێ

هەڵاواردن و جیاوازییان...چەند پێویستی بە زانستی یاسا و بایۆلۆژی و راگەیاندن و وەرزشی هەیە هێندە ئەوە پێویستی بە ئەندازە و ئەدەب و ماتماتیك و هونەر و كشتوكاڵ و دەروونناسی و ...هتد هەیە.

**پێنجەم:** سیستەمی قبووڵ مەركەزی، سیستەمێكی كۆن و نادیموكراتییە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی سەردەم و پێداویستی تاكی ئازادو سەربەخۆدا ناكۆكە، چونكە خوێندكار لە سایەی پەروەردەیەكی ئازاد و سەربەخۆ و دیموكراتیدا دەبێتە تاكێكی بەرهەم هێن و بە كردەوە بەشداری چالاكی كۆمەڵایەتی و زانستی و ئەكادیمی دەكات، بەڵام لە سایەی سیستەمی قبووڵ مەركەزیدا خوێندكار دەبێتە كەسێكی (بەكاربەر-مستهلك) هەرگیز ناتوانێت داهێنان لەو بوارەدا بكات كە بە ناچاری پێی تەواو كراوە.

ئەوەی لەم نێوەندەدا سەیرە و ئێمە لە كوردستاندا دەیبینین ئەوەیە كە بڕیار بە دەستانی بواری پەروەردە و خوێندن، لەلایەك بانگەشە بۆ چاكسازی و نوێ بوونەوە لە بواری پەروەردە و خوێندن دا دەكەن، كەچی هەر خۆیان ئەمساڵیش وەكو چەند ساڵە لە وەرگرتنی خوێندكاران بۆ زانكۆ و پەیمانگاكان زۆر بە چڕی و لە جاران زیاتر سیستەمی قبووڵ مەركەزییان جێبە جێ كرد كە دەبوو میكانیزمێكی تر بگیرایە و لەمە زیاتر كار بەم سیستەمە نەشیاوە نەكەن، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر خوێندكاران بێ بەهرە نەكەن، چونكە زۆر بێ بەهرەیان كردوون.

رەنگە كەسێك بڵێت" دەستبەردان لە سیستەمی قبووڵ مەركەزی زەمینە سازی و كاری زۆری دەوێت، ئێمەش هەر وا دەڵێین ، بەڵام رەخنەی ئێمە ئەوەیە كە بۆچی هەتا ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێكی بۆ دانەنراوە؟ بۆیە پێویستە هەر ئەمڕۆ زەمینەی بۆ ساز بكرێت و دەستی پێبكرێت و دوا نەخرێت بۆ بەیانی...

ئەوەی لەم مەسەلەیەدا زۆر جێگەی سەیر و سەمەرەیە و هەروەها رەخنەشە، ئەوەیە كە حكومەتی هەرێم لە زۆربەی كارەكانیدا بە بێ بیركردنەوە هەنگاو دەنێت، كەچی لە وەلانانی سیستەمی قبووڵ مەركەزیدا هەر بیر دەكاتەوە!!